# دەشنێ :ئامانجی بەرنامە چاوەڕوان کراوەکەم جوڵاندنی سۆزی گەنجە بۆ نیشتیمانەکەی



دەشـــنێ موراد، لە ساڵی ١٩٨٦ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ خانەوادەکەی روویـــان لە وڵاتی هۆڵەندا کردووە، نزیکەی دوو ســـاڵ بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) پێشـــکەش کرد لە کەناڵـــی K.tv، دواتر رووی لە بواری گۆرانی وتن کرد و تا ئێســـتا چەندین بەرهەمی جیاجیای بڵاو کردۆتەوە، بەڵام هەمیشـــە ئەو شێوازە و ســـتایلەی گۆرانی گوتنی جێگای مشـــتومڕ بووە، ئێســـتاش لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە سەر شاشە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی نوێ، لەم دیمانەیەدا دەشنێ باس لە کارە نوێیەکەی و چەند لایەنێکی دیکەی ژیانی دەکات.

*** دەشنێ لە پێشکەشکارەوە بۆ گۆرانی گوتن و دووبارە بە نیازە بگەڕێتەوە بۆ بەرنامە ئەوە بۆچی؟**

-پێشکەشکاری هەمیشە بەشێك بووە لە ژیانی من ئەگەر لە شاشە دەرنەکەوم مانای ئەوە نییە پێشکەشکاری لە رۆحما وەستاوە، پێشکەشکاری وگۆرانی گوتن وهونەر ئەمانە لەناخی من دەرناچن، رۆژانە پێشکەشکاری لەگەڵمدا دەژی، و ئاگاداری زۆر لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی جیهانی و کوردستانم، شەش مانگ ئامادەکاریم کردووە کە بگەڕێمەوە سەر شاشە، دوو ساڵ وەستا بووم وەکو بینەر خۆم ناسی، خەڵك زانی دەشنێ کچێکە بەرنامەی پێشکەش کردووە و سەرکەوتووە بووە، بێگومان رەخنەش هەبووە ئیتر بیرم کردەوە بەشێوەیەکی تر خزمەت بکەم.

*** دەشنێ لە چ شاشەیەك دووبارە دەگەڕێتەوە و سروشتی کارە نوێیەکەی چونە؟**

-جارێ ئاشکرای ناکەم لە چ کەناڵێکە ئەوە بەنهێنی دەمینێتەوە، بەڵام جۆر و سروشتی بەرنامەکە






شێوازیکی تایبەتە، هەر لەناو ستۆدیۆم، بەڵام ریپۆرتاژی تایبەت ئامادە دەکرێت بۆ بەرنامەکە لە هەموو شوێنەکانی دونیا لە ئەمریکا بیگرە تا ئەفریقا، باس لەو کێشانە دەکەین کە گەنجی کورد لە دەرەوە دووچاری دەبن و چۆن چارەسەری دەکەن، لەهەمان کاتدا راپرسی جیاجیای لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئێمە دەمانەوێ گەنج خۆی بێت راستییەکان ئاشکرا بکات، بەرنامەکە کۆمەڵایەتی رۆشنبیری گەنجانە دەبێت، چونکە ئەرکی منە وابکەم گەنج ئینتمای بۆ نیشتیمانەکەی هەبێت. بەکورتی ئامانجی بەرنامەکەم ئەوەیە کە سۆزی گەنج بۆ نیشتیمانەکەی بجولێنیت، خوشەویستی نیشتیمانی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وهەست و سۆزی گەنج بۆ نیشتیمان بەهێز تر بکەین.

*** زۆرێك لە بەرنامەکان تەنها باس لە کێشەکان دەکەن، بەڵام چارەسەرەکان فەرامۆش کراوە تۆ لە بەرنامەکەتدا بیرت لە چارەسەر کردۆتەوە؟**

- ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ نیشانی بەڵگەو زانیارییە، بۆ نموونە کاتێك ئێمە باسی ژینگە دەکەین باسی چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکانی ژینگەش دەکەین کە بە ریگایەکی ئاسان و نرخێکی هەرزان چارەسەرەکان بکرێت، لەبارەی ئافرەتانەوە من کچێکی تەمەن ٢٥ساڵانم مافی ئەوەم نییە ئامۆژگاری ئافرەت بکەم، چونکە ئەوەندە تەجروبەم لەسەر کێشەکانی ئافرەت نییە لە ناو کۆمەڵگا بۆیە من خۆم جارێ ئەوە قبوڵ ناکەم من ئەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە هەموو گەنجێك دەتوانێت ببێت بە گەورەترین مرۆڤ بۆ وڵاتەکەی.

*** بەرنامەی بێ کونترۆڵ بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی روو لە هونەر بکەی یاخود پێشتر ئارەزووی هونەرت هەبوو؟**

- من بەر لە بەرنامەی (بێ کونترۆڵ) خولیای هونەرم هەبوو، ئەرشیفم هەیە کاتێك قوتابی بووم لە هۆڵەندا لە تەمەنی ١٢ ساڵان گۆرانی دەڵیم و سەما دەکەم، بەڵام تواناکانم کەم بوون دواتر وردە وردە خوم پێشخست و ئێستاش هەست دەکەم لە سەرەتام و بەردەوامیش دەبم.

*** هەست دەکەی بە گۆرانییەکانت خزمەتت بە هونەری کوردی کردووە؟**

-لەگەل ئەوەی ئەو پرسیارە تۆزیك قورسە، بەڵام دەتوانم بڵێم بەڵێ، چونکە کاتێك دەبینم منداڵی کورد وەکو من جل لەبەر دەکات یان زۆر کەس هەبووە گوتویەتی دەشنێ من لە رێگای تۆوە گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم،هەست دەکەم ستایلیکی ترم هێناوە، چونکە هونەر و زمانی موسیقا سنووریان نییە، من کە ستایلی پۆپم هێناوەتەوە ناو هونەری کوردیەوە توانیومە بەو توانا بچووکەی خۆمەوە خزمەتێکی هونەری کوردی بکەم.

*** بەنیاز نیت واز لەو ستایلە (پۆپ) بهێنی یان هەر بەردەوام دەبیت؟**

- هەر بەو ستایلە بەردەوام دەبم، چونکە خوم لەو ستایلە دۆزیوەتەوە هەر حەزیشم بە گۆرانی گوتنی خێرایە، بەڵام هەوڵدەدەم لە داهاتوو کە ئەزموونی زیاترم پەیدا کرد بەرەو ستایلیتی تر بڕۆم.

*** هەست ناکەی لە داهاتوو ئەگەر لەگەڵ یەکێکی تر یان هونەرمەندێکی تر کار بکەیت ئەو کات ناوبانگت زیاتر دەبێت؟**

-ئەوەیان دەبێ تاقی بکرێتەوە، بەڵام ئێستا خەریکی بەرنامەکەمم نامەوێ بە هیچ جۆرێك خۆم بە کاری ترەوە سەرقاڵ بکەم بۆ ئەوەی هەموو ماندوو بوونم بۆ بەرنامەکە بێت.

*** تۆ پێشکەشکار بووی و سەرکەوتوو بوویت، بەڵام گەر سەیر بکەین پێشکەش کار هەیە لاساییت دەکاتەوە کەچی وەکو تو سەرکەوتوونەبووە ئەوە هۆکارەکەی چییە؟**

-من دڵمخۆشە کە ئێستا پێشکەش کار دەبینم بە هەموو متمانەوە لەسەر شاشە دەردەچن و جوڵە دەکەن ئەوە بۆ من شانازییە، بەڵام بۆ من ئەوە ناخۆشە تەنها یەك کەس هەیە کە بەهەموو جۆرێك لاسایی من بکاتەوە ئیتر منیش ئەوم فەرامۆش کردووە، بەڵام ئیستا چەندین کچی باش دەرچوون لە کەناڵەکانی زاگروس و کوردسات و ڤین تیڤی و چەندین کەناڵی تر من پێمخۆشە سوود لە من وەربگیرێت، بەڵام بە تەواوی کۆپیەکی من نەبێت.

*** دەشنێ خۆشەویستی کردووە یاخود عاشق بووە؟**

-درۆیە ئەگەر یەکێك بڵێت من خوشەویستیم نەکردووە، ئەگەر بەتەلەفۆنیش بێت کەسێك هەبووە دڵی بۆی لێداوە، بەڵام من ئەوندە بێ شانسم باوەڕم بە خوشەویستی نەماو، چونکە من ئەوەندە بیر لە چیرۆکەکانی مەم و زین و شیرین و فەرهاد دەکەمەوە لەوە تیگەیشتووم کە خۆشەویستی پاك ئەوەندە کەمە ناکرێ خەڵك هەستێت ئەو چیرۆکە دەگمەنانەی لە خەیاڵی خۆی دروست بکات، بۆیە من پێموایە تەمەنی ٣٠ ساڵی گونجاوە کە شوو بکەم، ئیتر زۆر بڕوام بە خۆشەویستی نییە.

***بەشێك لە کچان دەڵێن خۆزگە پیاو دەبووم ئەی تو چیدەڵێی ؟**

-بەڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا خۆزگە پیاو دەبوون، بەلام من شانازی دەکەم بەوەی کە توانیومە نیشان بدەم و بە پیاوان بڵێم توانام هەیە هیچم لەتو کەمتر نییە، بەڵام بەڵێ لە کۆمەڵگای کوردی خۆزگە پیاو بوومایە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: رۆشنە عومەر

# پاریس هیلتۆن زۆرترین دوژمنی هەیە

گۆڤاری لۆبۆنی فەرەنسی بڵاویکردەوە کەوا پاریس هیلتونی ئەستێرەی ئەمەریکی و میراتگری زنجیرە هۆتێلەکانی هیلتۆن چووە نێو لیستی ئەو کەسایەتییانەی کە خەڵکی ئەمەریکا زۆر رقی لێیانە.
گۆڤاری ناوبراو کە بۆ ئەو هەواڵە پشتی بە راپرسییەکی سەنتەری (ئیزبۆس) بۆ پێوانە کردنی رای گشتی بەستووە و پاریس بڕی ٦٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و تێیدا هاتووە هۆکاری رقی ئەمەریکییەکان لە پاریس بۆ ئاڵودە بوونی بە مادده هۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەم راپرسییەدا هاتووە کە برێتنی سپیرزیش ڕێژەی ٤٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، چونکە ئەویش وەك پاریس هۆگری مادده هۆشبەرەکانە و ئارنۆڵد شوارزنیگەری حاکمی پێشووی بە پلەی سێیەم دێت لەو کەسانەی کە ئەمەریکیەکان زۆر ڕقیان لێیەتی و ڕێژەی ٤٤٪ بە دەستهێناوە ئەویش بەهۆی بوونی پێوەندییەکی نا شەرعیی لەگەڵ خزمەتکارێکی ماڵی خۆی.



# رەغدە: دژی ئەمەریکا هاوپەیمانێتی لەگەڵ شەیتانیش دەکەم



خانمە هونەرمەندی سوری رەغدە رایگەیاند کەوا بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە مانەوەی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد دەکات لەسەر حوکم.
رەغدە هەروەها وتی: راستە هەندێك خۆنیشاندان ئەنجام دەدرێت، بەڵام میدیاکان مەسەلەکەیان زۆر گەورەتر کردووە لەو واقعەی کە هەیە لە رێگای هەندێك کەناڵەکانیانەوە کە خۆشی و ئارامی ئەو وڵاتەیان ناوێ، رەغدە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی (التحرير) ئەوەشی ئاشکا کرد کەوا ئامادەیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ شەیتان و هەر دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆری عەرەبیدا بکات دژی ناتۆ و ئەمەریکا و ئیسرائیل، هەروەها بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ هەر یەکە لە سەرۆکی سوریا و سەرۆکی لەکار لادراوی لیبیا موعەمەر قەزافی دووپات کردەوە، چونکە بەپێی قسەکانی رەغدە ئەمانە دەستێوەردانی دەرەکییان لە کاروباری وڵاتەکەیان رەت کردۆتەوە لە کاتێکدا ئەمەریکییەکان بەردەوام باس لە رۆیشتنی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد دەکەن و چەند لاوێکی زانکۆکانی سوریا مەشق پێدەکەن بۆ ئەوەی فێری چۆنییەتی سازدانی خۆنیشاندانەکان ببن



# جگەرگۆشەکەی خالید ڕەشید بەڕێوەیە

دوای ماوەیەك بێدەنگی و بڵاونەکردنەوەی بەرهەمی نوێ، ئێستا هونەرمەند خالید ڕەشید خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ بە ناوی (جگەرگۆشەکەم) و لەلایەن سەنتەری ئارۆ لە شاری سلێمانی بڵاو دەکرێتەوە.

(جگەرگۆشەکە)م کە لە ١٢ تراك پێکهاتووە سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن هونەرمەند خالید ڕەشید خۆیەوە دانراون و تێکستەکانی هی پەشێو، جەمال شارباژێڕی، سالح بێچارە، هەڤاڵ کوێستانی، حەمە سەعید حەسەن، ئەحمەد محەمەد هەروەها ئامانج تاریق ساڵەیین.

ئەم بەرهەمە کە پێشبینی دەکرێت یەکێك دەبێت لە کارە جوانەکانی خالید ڕەشید و جەماوەر دەمێکە چاوەڕێی بەرهەمی نوێ لەو هونەرمەندە دەکەن، هونەرمەند خالید ڕەشید لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کە ئەمە بەرهەمە نوێیە دەبوایە بەر لە چەند مانگێك بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی چەند مانگی ڕابردووی کوردستان دواکەوت، هونەرمەند خالید ڕەشید ئەوەشی ڕاگەیاند ئەگەر لە وادەی دیاریکراودا کە دانراو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوا ناچارە خۆی بڵاوی بکاتەوە.

# فیلمێکی نهێنی ریهانا بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە

چەند ڕاپۆرتە هەواڵێك ڕایانگەیاند کەوا چاوەڕێ دەکرێ بەم نزیکانە فیلمێکی رووتی کچە گۆرانیبێژی لاوی ئەمەریکی بڵاو بکرێتەوە کە چەند گرتەیەکی سێکسی تێدایە لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی تیپەکەی.

ڕۆژنامەکان لەسەر زاری چەند نوێنەرێکی کۆمپانیای (هاسلەر)ی تایبەت بە بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی فیلمە سێکسییەکان ڕایانگەیاند کەوا فیلمێکی ریهانایان دەستکەوتووە لەگەڵ گۆرانیبێژێ ڕاپ جای کۆل، بەڵام تا ئێستا بڕیاریان نەداوە ئاخۆ فیلمەکە بڵاو بکەنەوە یان نا.



لەلایەن خۆیەوە ریهانا تووشی شۆك بوو، بوونی ئەم جۆرە کاسێتەی بە هەموو شێوەیەك ڕەتکردەوە هەر بۆیەش لە ئیتالیا بەردەوام بوو لە گەشتەکەی بە هاوڕێیەتی چەند برادەر و ئەندامانی تیپەکەی بێ ئەوەی گرنگییەکی زۆر بەو بابەتە بدات.

# غادە دوای شۆڕش ئازادی بیروڕا لە میسر نەماوە



غادە عەبدولرازقی ئەستێرەی میسری ڕایگەیاند کە گۆرانییەکەی نانسی عەجرەم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرکەوتنی زنجیرەی (سەمارە) و دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە هونەرمەند بیروڕای سیاسی هەبێت، چونکە لە کۆمەڵگادا دەژیت.

غادە لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند کەوا میسر دوای شۆڕش نەگۆڕاوە، چونکە لەو کاتەوە ئازادی نەماوە و خەڵك ئێستا زیاتر دەترسێت، غادە زیاتر گوتی: من تەنیا یەك بەرە دەبینم کە قسە دەکات و ڕێگا لە بەرەکانی دیکە دەگرێت قسە بکەن، خەڵك بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت وەك سەردەمی پێش شۆڕش بیروڕای خۆی بە ئازادی دەرببڕێت. ڕاستە بەناو ئازادی هەیە، بەڵام ئازادییەکی سنووردار کردووە، هەروەها بۆم دەرکەوت کە زۆر لە برادەرە نزیك و دڵسۆزەکانم هەموویان برادەری ساختە بوون و تەنیا بۆ بەرژەوەندی شەخسی لێم نزیك بوون و زۆریان هاوڕێ و برادەری ڕاستەقینە نەبوون.





**شاعیر و هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی:**

# من و شیعرەکانم تا ئێستا بە دەستگیرانی ماوینەتەوە

**کەژاڵ ئادەمی لە دایکبووی شـــاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، دایک و باوکی لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی زوڵم و زۆر و ژێردەست بوونی نەتەوەی کورد لە ئێراندا قەبوڵ بکەن تێکەڵی شـــۆڕش بوون و چوونە ناو ژیانی پێشـــمەرگایەتی لە چیاکاندا. ساڵی ١٩٩٨ رووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی سوید نیشتە جێ بووە. خاتوو کەژاڵ ئادەمی لە پاڵ ئەوەی گۆرانیبێژە و خاوەن دەنگ و سەلیقەیەکی هونەری بەرزە، لە هەمان کاتدا شاعیریشە و بەر لەوەی روو لە دنیای گۆرانی گوتن بکات بە نووسینی شیعر دەسیتپێکردووە.**

*** وەك زانیومانە هـــۆکاری بێدەنگیت بۆ ســـەرقاڵبوونت بە خوێنـــدن دەگەڕێتەوە، دەکـــرێ بزانین لە چ بوارێـــك دەخوێنی و چەند قۆناغت تا ئێستا بڕیوە؟**

- ســـاڵی یەکەمی پزیشکی دەروونناسی دەخوێنم.

*** شیعر و گۆرانی لە کامیان زیاتر خۆت دەبینیەوە؟**

دنیای شیعر شوێنێکە تێیدا ژیانم تەفسیر دەکەم و لێکۆڵینەوە لـــە دنیای دەوروبەرم دەکەم و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەهێنمە ژێر چاویلکەی ڕەخنەوە. شیعر مەنزڵگەی ســـکاڵاکانمە و ژووری بزە و فرمێسک و ئەویـــن و دڵداریمە. من و شـــیعرەکانم پێکەوە، دەست لەملانی یەکتر گەورە بووین و تا بە ئەمڕۆ یار و دەســـتگیرانی یەکتر ماوینەتەوە.

*** ئایـــا هیچیـــان نەبوونەتـــە هۆکاری زاڵبوونیان بەسەر لایەنەکەی تردا؟**

هۆنراوەی گۆرانییەکانم لە نوسراوەی خۆمن و گۆرانی ئەو دەرفەتەم پێدەدا شـــیعرەکانم ئاوێتەی مۆسیقا بکەم و بە گوێی بیسەردا بیچرپێنـــم. شـــیعر و گۆرانییەکانی من ئاوێتەی یەکترن و جودا لە یەکتر نین.

*** دوای تـــەواو بوونـــی خوێنـــدن چ بەرنامەیەکی نوێت لەبەر دەستە؟**

-لەگەڵ ئەوەی خوێندنەکەم پێنج ســـاڵی دیکە دەخایەنێ هەوڵ دەدەم هاوکات لەگەڵ خوێندن پەرە بە چالاکییە هونەریەکانیشم بدەم و بەردەوام بم. لە ئێســـتادا ســـەرقاڵی تۆمار کردنی گۆرانییەکی نوێم لە شیعری خۆم و ئاوازی مامۆستا عەلی شەکووری کە هیوادارم بتوانم لە ســـاڵی نوێدا وەک دیارییێک پێشکەشـــی هونەردۆســـتانی بکەم.

*** لـــە شـــیعرەکانتدا ئاماژەیـــەك هەیـــە گوزارشـــت لە خۆشەویستی کچ بکات بۆ کوڕ و کرابێتە گۆرانی؟**

هۆنراوەکانم لـــە ڕوانگەی خۆمەوە وەک ژنێک دەنووســـم و هەستی ژنانەی خۆمە کە دەســـەڵاتی هەیـــە بە ســـەر هەموو هۆنراوەکانمـــدا. گۆرانییـــەک کە تێیدا ڕاشـــکاوانە باس لە خۆشەویستی کچ بۆ کوڕ دەکەم گۆرانی (وڵاتی عەشقە) کە لە نێو خەڵکدا بە (من عاشـــقی کوڕێکم ) ناسراوە.

*** قســـەیەك هەیـــە دەڵـــێ ( کچـــە هونەرمەنـــدەکان ژیانـــی خۆیـــان دەکەنە قوربانی هونەرەکەیانەوە) ئایا ئەمە ڕاستە کە هونەر ڕێگرە لەبەردەمتان بۆ ئەوەی وەك کچان ئاسایی بژین؟**

بە بـــڕوای مـــن هـــەر هونەرمەندێک، هونەر وەک ڕێگرێک لـــە ژیانی خۆیدا ببینێت ناتوانێت چێـــژی لێ وەربگرێت و هونەرمەندێکـــی ســـەرکەوتوو بێت. خۆ قوربانی کردن، غەدر و بێ حورمەتییەکە کە مرۆڤ دەرحەق بـــە خۆی دەیکات و لـــە درێژەی خۆیدا دەتوانێـــت ببێتە هۆی نەخۆشـــی خەمۆکـــی. هونەرمەنـــدی سەرکەوتوو کەسێکە کە بڕوای بە خۆی بێت و هونەر بکاتـــە ئامڕازێک بۆ فڕین بەرەو لوتکەی ئامانج و هیواکانی. پەیامی هونەر سەرکوت کردنی مرۆڤ نییە بەڵکو گەشەپێدانی دەروون و ڕازێنەری ژیانە.

*** ئایا هونەر بۆ تۆ شایەنی ئەوەیە خۆتی قوربان بکەی؟**

من هونـــەر وەک دیاردەیەک لە دەرەوەی خۆم و جودا لەخۆم نابینم بەڵکوو بەشـــێکە لە شـــیرازەی وجوودی مـــن و هیوایەت و ســـۆزێکە کە ئارامی دەبەخشـــێتە ژیانم. هەر بۆیە هیچـــکات نە وەک ڕێگرێک لـــە ژیانمدا دەیبینم و نە پێویســـتە خۆم و پرەنســـیپەکانمی قوربانـــی بکـــەم. بەڵام هەردەم هەموو پارە و سەروەت و سامانم لە پێناویدا قوربانی کردووە و دەیکەم چونکە هونـــەر لای من بایەخـــی زۆر لە مادیات بەرزترە.

*** کاریگـــەری باوکت چی بووە لەســـەر دەرکەوتنی تۆ؟**

-باوکم هەمیشە کۆڵەکە و پشتیوانی من بووە. هەمیشە وەک شـــێرەژنێک چاوی لێم کردووە و ڕیزی لێگرتوم. دڵێکی هەیە بـــە ڕوناکی ئاوێنە، بە گەورەیی دەریاو بە پاکی عەشق و هەردەم ڕێنوێنێکی باش و لێهاتوو بووە لە ژیانی مندا.

*** چ کاتێك زیاتر شیعر دەنووسی؟**

- بۆمن نووســـینی شیعر کات و ساتێکی دیاریکراویان نییـــە. هەرکات ڕووداوێکی تایبەت لە ژیانمدا بێتە پێش یان شـــتێک کاریگەری لەســـەر هەســـتم بێت پێنووس دەگرمە دەست و دەنووسم.

**شـــیعر دارێکی نێو باخی دڵە لەسەر هەر چڵی هەزاران گوڵە**

خانـــووی ســـیحراوی هەزار ڕەمـــز و ڕاز لە یەک چرکەدا لێئەدا سەد ساز.

*** شیعر دەنووسی و گۆرانیش دەڵێی ئەی لەگەڵ ئاوازداناندا چۆنی ؟**

لەگەڵ ئـــەوەی ئاوازی گۆرانییەکانم زۆر وردبینانـــە هەڵدەبژێـــرم و ئامانجم هەردەم ئەوەیـــە بەرهەمەکانـــم لەســـەر بنەمای دروســـتی مۆســـیقایی بێت تا بە ئەمڕۆ ئەرکی ئەم بەشـــەم خســـتوەتە سەر شانی ئاوازدانەری شارەزا و توانا.

*** تا ئێستا شیعرت نووسیەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو؟**

بەلـــێ هەندێـــک لـــە هۆنراوەکانـــم بۆ کەسانێکی دیاریکراون.

*** کاری داهاتووت چییە؟**

-گۆرانییەکـــی نوێ لە شـــیعری خۆم و ئاوازی مامۆســـتا عەلی شەکووری کە هیوادارم بتوانم بە شێوازی کلیپ تۆماری بکەم و لە ســـاڵی نوێدا وەک دیارییەک پێشکەشی هونەردۆستانی بکەم.

*** بە چ دڵخۆش و دڵتەنگ دەبی؟**

-خۆشـــترین کاتەکانـــم ئـــەو ســـاتانەن گۆرانییەکـــی نـــوێ تۆمار دەکـــەم یان شـــیعرێکی نوێ لە ناخمـــدا دەخولقێت. شتێکیش کە زۆر دڵتەنگم دەکات جوودایی لە ئازیزانمە.

***کەی سەردانی کوردستان دەکەیتەوە؟**

-منیش وەکو هەموو ئەوانەی لە وڵاتەکەیان دوورن هەردەم بە ئاواتی گەڕانەوەی دووبارە و ســـەردانی کوردستانم. لە ئێستادا پلانی گەڕانەوەم نییە، بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا ئەم هەلەم بۆ بڕەخسێت و دیدارم بە دیدارتان شاد ببمەوە.



## هێرش هەورامی:

# گۆرانی وتن بۆ خۆی هونەرێکی تایبەتە

هونەرمەندی لاو هێرش هەورامی کە لە دەرەوەی کوردستان لە وڵاتی نەرویژ ژیان بەسەر دەبات و تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بڵاوکراوەتەوە و بەشداری لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکان دەکات لە ئەوروپا و بە وتنی گۆرانی فۆلکلۆری ناسراوە.

لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دەربارەی تایبەتمەندییەکانی گۆرانی دەڤەری هەورامان گوتی: پێموابێت گۆرانی وتن بۆخۆی هونەریکی تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی کە وا ئەو تواناو دەنگەیان هەیە لەو بارەی کە توانایەکی تایبەتی دەوێت لەوانەیە گۆرانی گوتن بە کەسێکی ئاسایی نەکرێت، لە دەڤەری هەورامان دەیان شێوە گۆرانی وتن هەیە هەر لە سیاچەمانەوە هەتا دەگاتە بەشی هەڵپەڕکێ و شایی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

دەربارەی ئەوەی ئایا لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری لاسایی هونەرمەندانی دەڤەری هەورامانی زیاتر کردۆتەوە یان هونەرمەندانی ناوچەکانی دیکەش؟ هونەرمەند هێرش هەورامی دەڵێت: دیارە زۆربەمان بە لاسایی دەست بە کاری هونەری دەکەین، بەڵام بە شێوەیەك گشتی سوودم لە گۆرانی هەر چوار پارچەی وڵاتەکەم وەرگرتووە تا ئێستاش بە بەردەوامی بە زۆربەی شێوەزارە کوردییەکان گۆرانی دەڵێم لەوانەش شێوەزاری هەورامی و لاساییشیان دەکەمەوە بۆ ئەوەی بە هەمووومان بتوانن هونەری دەڤەری هەورامان بپارێزین.

هەندێك هونەرمەند بەوە تاوانبار دەکرێن کە هونەری دەڤەری هەورامانیان شێواندووە دەربارەی ئەم بابەتە هێرش هەورامی گوتی: لەگەل ڕێزمدا بۆ گۆرانیبێژان، هونەری کوردی بووەتە بازارێکی بازرگانی هەر کەسێك دەبینیت دێت کلیپێکی بۆ دەکەن و لە کەناڵەکان وەکو هونەرمەند دەیناسینن، دیارە ناوچەی هەورامان و ئەو کەسانەی بە شێوەزاری ههورامی گۆرانی دەڵێن لەو دیاردەیە بێ بەش نەبووە کەسانی وا هەن کەوا نەك ناتوانن گۆرانیش بڵێن بەڵکو بەناوی نوێکاریەوە زۆربەی ئاوازەکانی دەڤەری هەورامانیان تێك داوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەینێرن بۆ کەناڵەکان بۆ ئەوەی بڵاویان بکەنەوە، من بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو دیاردە دزێوەدا نیم و نابم.

زۆر باس لەوە دەکرێت کە هونەرمەندان لە ئێستادا دەتوانن پشت بە هونەرەکەیان ببەستن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان، هێرش دەڵێ: بە داخەوە نەوەك من بگرە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کاری هونەری دەکەن ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساوە ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو کێشانە دەگرێتەوە کە ئەمرۆ لە بازاڕو کۆمەڵگاکەی ئیمەدا توشی بووین بەو ئاسانییەش لێی رزگار نابین هەرچەندە شێوەی کاری هونەری منیش جیاوازترە لەچاو هەندێك گۆرانیبێژی دیکە لەوانەیە من زۆرتر لە ئاهەنگ و بۆنەکان بەشداربم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێیت بژێوی ژیانت لەسەر کاری هونەریە، چونکە من هەوڵمداوە ئەوەی لە ڕێگای هونەرەوە دەستم دەکەوێت هەربۆ هونەرەکەم و پێشخستنی خەرجی بکەمەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی وەك هونەرمەندێکی گەنج بەرهەمی کەمە؟ هێرش هەورامی وتی: ڕاستە من لەم دواییەوە بەرهەمم کەم بۆتەوە ئەوەش چەند جارێک ڕونم کردۆتەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بەرهەمم لا نەبێت زۆر جار دڵم هێشاوە و بڕیارم داوە کە وا کلیپ و سیدی نەکەم، بەڵام بە ئێوەو بە خۆشەویستانی خۆم دەڵێم کەوا بەرهەمێکی تەواوم لەبەردەستدایە کە هەموو ئیشەکانی دەمێکە تەواو بووە بەڵام کاتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر بیانگەیەنمە بەر دەست و گوێی خۆشەویستانم. بەهیوام ئەو بێدەنگییە نەمێنێت.

سەبارەت بەوەی کە وەك هونەرمەندێکی هەورامی دەستکەوتنی ئاواز و شیعر لە ئەوروپا تا چەند زەحمەتە، گوتی: بەگشتی لە ئەوروپا پەیداکردنی هۆنراوە و بگرە ژەنیاریش زەحمەتە، بەڵام من لەم ساڵانەی دواییەوە زۆرتر خۆم هەوڵ دەدەم کەوا تێکستی خۆم بڵێمەوە، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت من پەنام بردۆتە بەر ئەو شاعیرانەی سەردەم لە زاراوەی سۆرانی و هەورامیش بەتایبەتی.

## ڤیان مایی:

# سینەما وەک چەکێکی بەرگری کردن وایە

**دوای سەرکەوتنی فیلمی (کەڤوکا سپی) لە دەرهێنانی خاتوو ڤیان مایی که سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ڤیان مایی خۆی فیلمێکی تری بەرهەمهێنا کە ناوەڕۆکی فیلمەکە لە داستانی ناو گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بە ناوی خورشیدی چاو بەخاڵ وەرگیراوە و هونەرمەندی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی باکووری کوردستان (دیار دەرسیم) رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێ، ڤیان مایی لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەیەکە دووری لە سینەما و دابڕانت پێوە دیارە ؟**

- من لە سینەما دور نیم و دوور نابم، بەڵام وەکو ژن دەور دراوم ..هەرچەندە ساڵی پار لە فیستڤاڵی لەندەن بۆ فیلمی کوردی تاکە فیلمی خاوەن خەڵات لە باشووری کوردستان فیلمی من بوو، کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆم و لەسەر خەرجی خۆم و بە هاوکاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەرهەمهاتبوو.

بەشێوەیەکی گشتی لایەنی باشی ئێستای سینەمای کوردی ئەوەیە کە ئێمە بووینەتە خاوەن فیلمی باش و لە فیستیڤاڵە سینەماییە ناوخۆیی و جیهانیەکان ڕۆڵی خۆمان بینیوە، بەڵام ناڕەزایی و گلەیی ئێمە لە نەبوونی سیستمێکی گونجاوە بۆ سینەما.

*** سینەمای کوردی ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟**

- میللەتی کورد هەردەم شانازی بە کارەکانی خۆی دەکات ئێدی سینەماش وەکو دەستکەوتێکی نەتەوەییە، ئەوەیان شتێکی بەرچاوە و تا ئێستا چەندین فیلمی لێهاتوو بەرهەمهاتووە و لە ڕێگای فیلمەوە ئێمە توانیومانە مێژوو و وڵات و زمان و کەلتووری خۆمان نیشانی جیهان بدەین، بۆیە گرنگە ئێمە بزانین کە کامیرا وەك چەکێکە، مرۆڤ بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بە باشی بەکار نەهێنرێت ئەوا مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێبکوژێت.

*** بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر سینەمای کوردی هەنگاوی زۆری ناوە، بەڵام چ تێبینییەکتان لەسەری هەیە؟**

- راستە بە بەراورد لەگەل هەندێك لە گەلانی ناوچەکە کە سەدان ساڵە خاوەن دەوڵەتن کورد توانیویەتی سینەمای خۆی پێش بخات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەبوونی هۆڵی سینەما کەموکوڕییەکی گەورەیە.

*** بەر لە ماوەیەك خەریکی فیلمی (خورشیدێ چاڤ ب خال) بووی، چارەنووسی فیلمەکەت بەچی گەیشت؟**



- چیرۆکی (خورشیدێ چاڤ ب خال) فلمێکە ماوەکەی ٨٠ خولەکە پارێزگای دهۆك سپۆنسەری فیلمەکەیە، بەڵام نەبوونی هۆڵی سینەما گرفتێکی گەورەیە و ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی بینەر بیبینێت بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بە هەر شێوەیەك بێت نیشانی بدەین.

*** فیستیڤاڵە سینەماییە کوردییەکان چ شتێکیان خستۆتە سەر سینەمای کوردی؟**

- هەڵبەت بە ڕێگا فیستیڤاڵەکانەوە فیلمەکانمان بڵاوکراونەتەوە و بینەریش ئاشنایان بووە، لە هەمان کاتدا ئێمەش ئاشنای فیلمسازە جیهانییەکان بووین.

***داخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما چۆن دەبینی.**

- من هەر لە سەرەتاوە پێشنیازی بوونی دەزگا یان ئەنیستیتۆیەکی فیلمم کرد نەك بەڕێوەبەرایەتی و زۆر جار بەشێوەی نووسین پێشکەشی وەزارەتم کردووە، بەڵام وەڵامیان نەبووە. ئێستاش ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما لە دهۆك پرۆژەیەکمان بە ناوی ( پلانی نوێ ) پێشکەش کردووەکە تایبەتە بە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی سینەما لە کوردستان، چونکە سینەما تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و پێویستە ئەم تایبەتمەندێتیە لەبەر چاو بگیرێ.